# پلاتفۆرمی کوردایەتی

رۆژی ریفراندۆم ٢٠١٧/٩/٢٥ خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی کورد، هەر چەندە چاخی گلۆبالیزەیشنە و چەمکی دیموکراسی و مافی مرۆڤ زۆر بە بەربڵاوی باسی لێدەکرێت و هەوڵی چەسپاندنی دەدرێت، بەڵام بۆ کورد دووبارە هەمان فاکتەرە زاتی و مەوزووعییە لەمێژینەکان، کارتێکەر بوو لە هەرەسی ریفراندۆم و پاشان تێکشکانی ناخی کورد بە گشتی، کە دەرکەوت فاکتەرەکان ناگۆڕێن، کورد دەبێ چی بکات؟ دەستەوەستان چاوەڕێ بێت تا چوار وڵاتی داگیرکەر تەواو ببن بە وڵاتی سیکۆلار و مەدەنی و دیموکراسی، کە تیایدا کوردیش وەك هاووڵاتیکی فارس، یان تورك، یان عەرەب لێی بەهرەمەند بێت و وازیش لە کوردبوونی خۆی بهێنێ (رەنگە ١٠٠ ساڵیتر ئەمە روو بدات)؟! یان هەر بەشێکی کوردستان بەو شێوە کلاسیکییەی سەردەمی چاخی دووجەمسەری (دوای جەنگی جیهانی دووەم تا ١٩٩٠) بەردەوام بێت لە خەباتی چەکداری و سیاسی، هەر کامە لە دژی داگیرکەری فەرمیی خۆی، لەلایەن دراوسێ داگیرکەرێکی تر پشتیوانی بکرێت و لەسەر حیسابی کورد و لایەنە سیاسییەکانی بەشێکی تر، دەستکەوت بە دەست بهێنێت؟!! بۆ نموونە بە هەموو شێوەیەك «پ ك ك» هاندرا لە دژی ریفراندۆم و بەردەوام هەڕەشە و تەگەرەی ساز دەکرد، یان لە هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی ئێران، بە سازان لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و حکومەتی کوردستان، چالاکییان زۆر سنووردار کراوە و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵات تێگەیشتنیان هەبووە بۆ باری ناسکی هەرێمی کوردستان، ئەی چارە چییە؟! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کورد بە دوای ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێت و گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە شێوازی خەباتی خۆیدا بکات؟! ئایا کاتی ئەوە نییە سوود لە ئەزموونی «جوو» وەربگرین؟! ئەوان چۆن توانییان بێ خاك، جوو لە ئەفریقا و رووسیا و ئەوروپا و ئەمریکا و روژهەڵاتی ناوەڕاست کۆبکەنەوە لە ژێر بزووتنەوەی زایۆنی، تاکو دەوڵەتیان دامەزراند تەنیا یەک بزووتنەوە ئیدارەی خەباتی سیاسی دەکرد! رەنگە بگوترێت تازە ئەحزابی کوردی دروست بووە و هەر کامەیان چەند دەیەیەك خەباتیان هەیە و دەستبەردار نابن، بەڵام ئایا ناکرێت چەترێك بو کوردایەتی دروست بکریت بو ئەوەی خەباتی سیاسیی کورد لە ئینحرافی هەمیشەیی رزگاری بێت؟ هەمووان دەزانن کورد هێندە وزەی لە شەڕی براکوژی و توندوتیژی و ئاستەنگ خستنە بەردەم یەکتری سووتاوە، نیو هێندە لە دژی داگیرکەر سەرف نەکراوە و دەستکەوتەکانیش لە چاو وێرانکردنی کوردستان و تێکشکانی ناخی تاکی کورد و شێواندنی ژیانی ئاسایی خەڵك، شتێکی شایانی باس نین! دوا نموونە لە بەردەوامیی شەڕی براکوژی و جاشاتی و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ داگیرکەران، رووداوە کارەساتبارەکەی ٢٠١٧/١٠/١٦ بوو، کە وەك تۆڵەسەندنەوە، هەڕەشەی بەغدا و داگیرکەرانیتر، لە لایەن تاخمێکی ناو یەکێتی نیشتمانی قۆسترایەوە و کەرکووك تەسلیمی بەغدا کرایەوە! کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامە، کۆنە قین لە ناو ئەحزاب زۆرە لە هەر پارچەیەکی کوردستان، هەمیشەش هەندێ خەڵکی لاواز پەیدا دەبن کە لە ناو ئەو حزبانە ببن بە ئالەتی دەستی داگیرکەر، جاری وایە کۆنەقین پاڵنەرە، جاری وایە بۆ مشتێ ماددە و بەرژەوەندی تایبەتە، جاری وایە بەرگەنەگرتنە لە ئاست هەڕەشەی داگیرکەر، لە رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەموو ئەوانە پاڵنەر بوون. پاش سێ ساڵ بە ئیخلاس کورد شەڕی لە دژی تیرۆریزمی گرووپی داعش کرد کە بە وتەی خودی هێزەکانی هاوپەیمان کورد لەباتی هەموو مرۆڤایەتی جەنگا، سەرکردایەتیی کورد وای بۆ دەچوو لە پاداشتی ئەو شەڕە کە بووە هۆی کوژران و کەمئەندام بوونی هەزاران پێشمەرگە، وێرانبوونی بەشێکی کوردستان و تراژیدیای کچانی ئێزیدی، وڵاتانی رۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، کەچی ئەمریکا نەك پشتگیری نەکرد، بەڵکو هاوکاری بەغدا و تارانی کرد بۆ ئەوەی ریفراندۆم و کەرکووك لە دەست بچێت! کەواتە دەگەینە ئەو راستییە کە راستە بێ پشتگیری رۆژئاوا کورد (بەو هەڵکەوتە جوگرافییە کە لە چەقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە داخراوە، کە دابەش کراوە، کە بە ئاسانی داگیرکەران لە کاتی پێویست، پارچەیەك بە گژ پارچەکەیتردا دەکەن..) رزگاری نابێت!

**مەحاڵ نییە گەلێکی ژێردەستە و دەستبەسەر و دابەشکراوی وەک کوردیش بەو هەموو وزە و پتانسیل و سەرچاوە مرۆیی و سرووشتییەکانەوە، ببێتە خاوەن کیانی خۆی، تەنیا یەکبوونیش زامنی سەربەخۆبوونی دەکات**



**د. نازناز محەمەد**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

دەبێ بزانین پشتگیریی رۆژئاوا زەرووره، بەڵام بە چ ستراتیژیەتێك دەشێ وایان لێبکرێت کە پشتت تێ نەکەن و گورگ دەرخواردت نەکەن؟! دامەزراندنەوەی تورکیای نوێ لەسەر دەستی ئاتاتورك و ئەزموونی «جوو» پێمان دەڵێت کە چۆن زامنی پشتگیری بەردەوامی رۆژئاوا بین، بەڵام بە مەرجی بەهێزکردنی فاکتەری زاتیی کورد. واتە دامەزراوەیەك، چەترێك، پلاتفۆرمێك پێویستە بۆ کورد کە کار و مەهامی تەنیا «کوردایەتی» و راڤەکردنی هێڵە گشتییەکانی کوردایەتی و دانانی ستراتیژیەت بێت، کە هەم سەرۆکی حزبەکان تێیدا ئەندام بن، هەم ژمارەیەك ئەکادیمی و شارەزا لە بواری یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەندامی بن، کە بێگومان دەبێت بڕوایان بە کوردایەتی هەبێت و دڵسۆزانە بە دوای چارەسەری کێشەی کوردەوە بن و چاودێریی جموجۆڵی چالاکیی حزبە سیاسییەکان بن لە کوردستان. لێك نزیکبوونەوەی حزبە سیاسییەکان، گومان و دڵپیسیی نێوانیان لە ناو دەبات، سوود لە ئەزموونی یەکتر وەردەگرن، خۆشەویستی و رێز لە نێوانیان دروست دەبێت، رێگە دەگیرێ لە سازکردنی پیلان لە دژی یەکتری، هەر کات یەك لە حزبەکان بیەوێ لابدات لە هێڵە گشتییەکانی پلاتفۆرمەکە، لەلایەن تێکڕای ئەندامان هوشداری دەدرێتێ، کە پێداگر بوو لە لادان، ئەوا سزا دەدرێت، پلاتفۆرم چۆنیەتیی سزاکان دیاری دەکات. جگە لە چاودێری کردنی جموجۆڵی حزبەکان، لە ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵ دەدات لۆبی دروست بکات، لە لایەك ستراتیژیەتی پلاتفۆرم بە جیهان بناسێنێت، لە لایەکیتر لۆبیی کوردانی تاراوگە پتەو بکات و سوود لە بوونیان و پێگەیان و توانایی ماددی و مەعنەوییان وەربگرێت. هەموو تیڤییەکانی سەر بە حزیەکان پرۆگرامی هاوبەشیان هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئامانجە پیرۆزەکانی پلاتفۆرم و کوردایەتی، لەگەڵ رەچاوکردنی ماف و ئەرکی پێکهاتەکانی قەومی و ئایینی کوردستان و پاراستنی پرەنسیپی پێکەوەژیان کە هەمیشە کورد پێوەی پابەند بووە، بڕوای پێ بووە و ئەوانیش خاوەنی کوردستانن.

رەنگە هەندێ کورد ئەم بیرۆکەیە بە خەون و خەیاڵ بزانن. هەندێ کورد تاقەتی خەون بینینیان نەماوە، هەندێکیش تەنیا خەونی خۆش دەبینن و ناتوانن یەك هەنگاوی کردەنی بهاوێن! بەڵام «جوو» کە لە سەدەی ١٩ دەستی پێکرد بە گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، خەڵك بە خەون و خەیاڵی دەزانی، «ئەتاتورك»یش کە ویستی لە سەر جەستەی پارچە پارچە بووی ئیمپراتۆری عوسمانی کە هەر پارچەکی لە دەمی زلهێزێك بوو، دووبارە کیانێك بۆ تورك دابمەزرێنێت، خەڵکی بە چاوی گومان سەیری کار و کردەوەی ئەتاتورکیان دەکرد، بەڵام کردی و لەسەر بنەمای فکر و ستراتیژیەت و دەستووری ئەو، تورکیا هەستایەوە و ئەمڕۆ یەك لە ٢٠ دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهانە و بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێ کە ببێتە یەك لە ١٠ دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان. ئەڵمانیا تا ناوەڕاستی سەدەی ١٩، بریتی بوو لە دەیان میرنشینی و نێوانیان پڕ بوو لە ناکۆکیی سیاسی و ئایینزایی، بەڵام «بیسمارك» ئیرادەی کرد، ویستی و توانی هەموو میرنشینیەکان یەك بخات و ئەڵمانیای یەکگرتووی فیدڕاڵ دابمەزرێنێت، هەر ئیرادەی ئەو لە یەکگرتوویی ئەڵمانەکان، لە بەهێزکردنیان، بووە هۆی هەڵسانەوەیان دوای شکست و کاولبوونی وڵاتیان دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و ئێستاش یەکەم زلهێزی ئەورووپایە و یەك لە پێنج وڵاتە زلهێزەکانی جیهانە. ئیرادەی گەلێك لە دوژمنکاری هەموو جیهان بەهێزترە! بڕوا هەبوون بە یەکبوون، بە دەوڵەمەندیی کوردستان(وزەی پتانسیل)، بە هەبوونی کەلتوورێکی جیاواز لە ناوچە توندوتیژەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڕوا بەخۆ بوون وەك نەتەوە، تێکڕا هۆکارگەلێکن بۆ سەرکەوتن! بڕوا هەبوون بەوەی کە لە ژیانی تاك و نەتەوەدا شتێك بە ناوی «مەحاڵ» بوونی نییە، زۆر گرینگە. دەشێ گەلی سەردەستی ئەمڕۆ، سبەی ئیفلاس بکات،(وەك یۆنانی مەزنی مێژووی مرۆڤایەتی کە ئەوڕۆ لاوازترین وڵاتی ئەورووپایە)، هەروەها مەحاڵ نییە گەلێکی ژێردەستە و دەستبەسەر و دابەشکراوی وەك کوردیش بەو هەموو وزە و پتانسیل و سەرچاوە مرۆیی و سرووشتییەکانەوە، ببێتە خاوەن کیانی خۆی، تەنیا یەکبوونیش زامنی سەربەخۆبوونی دەکات.


**کورد هێندە وزەی لە شەڕی براکوژی و توندوتیژی و ئاستەنگ خستنە لەبەردەم یەکتری سووتاوە، نیو هێندە لە دژی داگیرکەر سەرف نەکراوە و دەستکەوتەکانیش لە چاو وێرانکردنی کوردستان و تێکشکانی ناخی تاکی کورد و شێواندنی ژیانی ئاسایی خەڵک، شتێکی شایانی باس نین**



# ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی سەرکردە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**ئافرەتان لە پاش هەوڵێکی زۆر و خەباتێکی بەردەوام لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا توانییان تا ڕاددەیەکی بەرچاو مافەکانیان مسۆگەر بکەن و تەنانەت لە دروستکردنی سیاسەتیشدا بەشداری بکەن، لە کوردستانیش بەشداریی ئافرەت لە کاری سیاسی و ئەندامەتییان لە ئاستەکانی باڵای حزبی و حکوومیدا تا ڕاددەیەک گەشەی کردووە، بەڵام بەشێك لە خانمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەڕای هەوڵ و بزاڤی جۆراوجۆر لە پێناوی دەستەبەرکردنی یەکسانیی ڕەگەزی، کەچی لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی و دروستکردنی بڕیاردا هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستێکی شیاو، هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە بەپێی یاسا هەندێك دەرفەت بۆ ممارسەی مافەکانی ئافرەتان دیاری کراوە، نموونەش بە سیستمی کۆتا دەهێننەوە، بەڵام هاوکات ئەو ڕەخنەیەش ئاراستەی حزبەکان دەکەن بەوەی کە وەکوو پێویست لە بواری دروستکردنی بڕیاردا ئاوڕیان لە ئافرەتان نەداوەتەوە، ئەوەش بە هۆکارێک بۆ کەمبوونی ڕێژەی ئافرەتی سەرکردە لە قەڵەم دەدەن، چالاکانی بواری مافەکانی ئافرەتیش بە پێویستی دەزانن لە کوردستان زیاتر بنەماکانی دیموکراسی پەیڕەو بکرێ و ڕێگە بۆ ئافرەتانیش بکەنەوە بۆ ئەوەی پتر لە پرسە سیاسییەکان دەربکەون. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە ڕاوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**



د. مەیادە محەمەد:

**ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو هەنگاوی باشی بڕیوە بۆیە پێویستە لە ئێستادا ڕۆڵی کاراتر بگێڕن**




سەرەتا د. مەیادە محەمەد نەجارِ سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا، ئاماژە بەوە دەکات کە «ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو هەنگاوی باشی بڕیوە و لە ئێستادا و بەتایبەتی لەکاتی قەیرانەکاندا دەتوانن ڕۆڵیکی کاراتر بگێڕن.» هاوکات رایوایە «یەکەم هەنگاو کە پێویستە بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئافرەتان بنرێت، هەنگاونانە بۆ دروستکردنی سیستەمێکی سەربەخۆی ئابووری بۆ ئافرەتان»، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «بنیادنانی سیستەمێکی سەربەخۆی ئابووری بۆ ئافرەتان، کاریگەری بەرچاوی لە دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا دەبێت، بۆیە پێویستە پلانی بۆ دابنرێت و کۆمەڵێك کار بۆ ئافرەتان دەستەبەر بکرێت، تا لە هەموو روویەکەوە توانایان بەهێزتر بکات.» گوتیشی: «هەنگاونان بەرەو بەرهەمهێنانی ئابووریی سەربەخۆ و هەوڵدان بۆ دەستخستنی داهاتی دارایی لە دەرەوەی ماڵ بۆ خانمان گونجاوترین ڕێگەیە بۆ سەربەستی و ئازادیی ئافرەتان، بەو جۆرە ئافرەتان هەڵگری مەشخەڵی بەهێزکردنی ئابووری دەبن، ئەگەر هەنگاوەکان جددیتر بکرێن لەسەر دروستکردنی کەسایەتیی ئافرەت لەرووی سەربەخۆبوونی ئابوورییەوە.» سەبارەت بە ئافرەتی سەرکردەش دەڵێت: «گەلی کورد لەمێژە خاوەنی ئافرەتی سەرکردە بووە، ژمارەیەک لە نووسەران و گەڕیدەکان و مێژوونووسانی ڕۆژئاوایی لە نێو پەرتووکەکانیاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان باسیان لە ڕۆڵی ئافرەتانی کورد کردووە کە چۆن شان بە شانی پیاوان لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا کاریان کردووە، تەنانەت توانیویانە سەرکردایەتییەکی تۆکمەی کۆمەڵگە بکەن.»

سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا رایوایە: «گەلی کورد بە درێژای مێژوو ئافرەتی سەرکردەی هەبووە، وەک نموونەش ئاماژە بە (قەدەمخێر و خانزادی میری سۆران و عادیلەخانمی جاف و حەپسەخانی نەقیب) دەکات و دەڵێت: «ئەوانەو چەندان ئافرەتی بەتوانای دیکەمان هەبووە کە لە لاپەڕەکانی مێژوودا ناویان هەیە، ڕەنگە ئەم ڕۆڵەی گەلی کورد بە ئافرەتی بەخشیوە لەو کاتەدا گرنگیی زۆری بۆ ڕۆڵی ئافرەت دروست کردووە. ئێستا لەجیهاندا ئافرەتان روو لە پۆستەکانی سەرکردایەتی دەکەن، لەبەر ئەوەی دەرکەوتووە کە ئافرەتانی سەرکردە دەتوانن ڕۆڵی زۆر گرنگ و شایستە لە چارەسەری کێشەکاندا بگێڕن، بەتایبەتی وەك دەبینین کە چەندین هەنگاو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێت، وەك گەشەسەندن و بەرفراوانکردنی مافەکانی ئافرەتان و بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی ئاشتی، پرۆسەی بەرگریکردن لەو ئارایشە و پاراستنی باری ئاسایشی ئافرەتان لەکاتی شەڕ و لە کاتی ئاشتی و دواتر ڕەنگە بڕیاری ١٣٢٥ یەکێك لەو بڕیارە گرنگانە بووە کە زۆرترین بایەخی بە پرسی ئافرەت داوە. بۆیە گرنگە لەئێستادا کار لەسەر ئەوە بکرێت کە چەندین ئەکادیمیای پێگەیاندنی ئافرەتان بنیاد بنرێت بۆ دروستکردنی ئافرەتی سەرکردەو بەتوانا، یەکێك لەو پرەنسیپانەی کە دەکرێ ئیمە بتوانین لە ڕێگەیەوە کار لەسەر دروستکردنی ئافرەتی سەرکردە بکەین، ئەوەیە کە چۆن ئافرەتیکی سیاسەتمەدار بۆ کۆمەڵگە ئامادە بکەین .»

کاڵێ فەقێ وسو ئەندامی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هیچ کەس ناتوانێ لە کاریگەری و کارتێکردنی ڕۆڵی ژنان بۆ ئاشتیخوازی و پێشکەوتن و تێگەیشتن و وردبینی و دووربینی کەم بکاتەوە. چونکە یەکێك لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی پێشەوەچوونی کۆمەڵگەی هەر وڵاتێك ئاستی گرنگی و ئیعتیباردانە بە هێزی ژنان. بە درێژایی مێژووش بەپێی هەلومەرجەکان ژنان ڕۆڵی جۆراوجۆریان هەبووە لەسەر پرسەکانی ناو کۆمەڵگە.» ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە «ژنان لە زۆربەی کایە و بوار و بابەتەکانی پرۆسەی بەردەوامیی ژیان و تەنانەت لە بواری سەرکردایەتیشدا توانای پێشەنگایەتییان هەیە.» هاوکات دەڵێت: «پێگە و ڕۆڵی ئافرەت سەبارەت بە کۆمەڵێك پرسی گرنگ لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشدایە و هەوڵەکانیان بۆ گۆڕانکاری ریشەیی و نەمانی کەموکوڕی و چارەسەری کێشەکانی وڵات و باشتر بوونی دۆخەکان بەردوامە، بەڵام لە ئاستی پێویست نییە. ئەگەر ڕۆڵی ژنان زیاتر پەرەی پێبدرابا و زەمینەی گونجاوتر فەراهەم کرابا، بەدڵنیاییەوە بەهرە و ژیری و توانای ئافرەتان زیاتر دەردەکەوت. ئاشکرایە کە لە هەرێمی کوردستاندا بەشداریی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیار ڕێژەیەکی کەمی هەیە و لە هیچ پارتێکی سیاسیدا ڕێژەکە نەگەیشتۆتە ٣٠٪ و کەموکوڕی و گلەیی زۆریش لە دەسەڵاتەکانی وڵات و ڕوانگەی کومەڵگە هەیە، بەوەی کە بەربەست و کۆسپی زۆر لەبەردەم کارو توانای ئافرەتان دروست دەکەن. بەڵام نابێ بیشارینەوە کە هەندێک جار خودی ئەو ئافرەتانەی کە لە ناوەندەکانی بڕیار و شوێنە باڵاکانی حکوومی و حزبی و سیاسی و پەرلەمانی بوونیان هەیە، وەکو پێویست نەیانتوانیوە حەقیقەتی توانای ژن وەکو خۆی نمایش بکەن و پەرەی پێبدەن و بەرجەستەی بکەن. بۆیە بەداخەوە ژمارەی ئەو خانمانەی کە بە ڕاستی خاوەن توانا و زانست و هزر و ڕێبازی تایبەتن بۆ ڕۆڵگێڕانیان لە کایەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا زۆر کەمە.»

زەینەب سندی وەک میدیاکارێک هێما بۆ ئەوە دەکات کە «زۆرن ئەو ئافرەتە سەرکردە و تێکۆشەرانەی لە ڕابردوودا کاری دەگمەنیان ئەنجام داوە و مێژوویەکی ئێجگار زێڕین و بە نرخ و بە بەهایان بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان نەخشاندووە و هاوشانی پیاوان خزمەتیان بە کوردایەتی و دۆزی کورد کردووە.» هاوکات دەڵێت: «ئافرەتانی کورد لە زۆربەی کارە سەخت و دژوارەکانی ژیاندا هاوکار و هاوژینی پیاوان بوون و بەرامبەر بە نەیار و داگیرکەرانی وڵات جەنگاون و لە هەوڵدان بە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ڕزگارکردن و پێشەوەچوونی وڵات بەردەوام بوون، هەمیشەش بۆ برەودان بە ژیان و ژیار و شارستانیەت لە ململانێدا بوون، ئەو ئافرەتانەش کە لە مێژوودا ناو و ناوبانگێکی



زەینەب سندی:

**ئافرەتان بە درێژایی مێژوو هەمیشە لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی هەر وڵاتێکدا لە دەستپێشخەری و ڕۆڵگێڕان سەرکەوتوو بوون**



سنۆبەر سابیر:

**لە ئۆرگانەکانی حزبی و حکوومی و ڕێکخراوەیی ژمارەیەکی دیاری ئافرەت دروست بووە، بەڵام وەک خاوەن بڕیار و سەرکردەی لێهاتوو لەو بوارەدا نابینرێن**

ئێجگار بێ شومارو لە رادەبەدەریان بۆ خۆیان تۆمار کردووە، هەتا ژیانی کورد بەردەوام بێ، ناویان لەناو پەڕە نەخشینەکانی مێژووی وڵاتدا بە گەورەیی و بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە. ئەگەر هەڵوەستەیەك لە سەر مێژووی ئافرەتە هەڵکەوتووەکان وەك سەرکردە بکەین، دەبینین هەندێک ژن توانیویەتی وەکو پیاو بجەنگێت و کاروباری دەوڵەت بەڕێوە ببات، بە بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆی لە پیاو کەمتر بێت، لە بەدەستەوەگرتنی پۆستی باڵا، ئەمەش لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا باوە، کە ژن دەبێتە سەرۆك و دەتوانێت هەموو کاروبارەکانی بە باشی ڕاپەرێنێت.» گوتیشی: «ئافرەتان بە درێژایی مێژوو هەمیشە لە هەموو شۆڕش و راپەڕین و بزووتنەوەکانی هەر وڵاتێکدا لە دەستپێشخەری و ڕۆڵگێڕان سەرکەوتوو بوون، بە گەواهیدەری مێژووی مرۆڤایەتیش ئافرەتان هەمیشە بونیادنەری کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بوون .»

زەینەب سندی رایوایە «لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا کە دۆخێکی زۆر هەستیارە، رۆڵی ژنانی سەرکردە شتێکی بەرچاوە و کاری جددیشیان بۆ تەبایی و یەکڕیزیی نێومالّی کوردی کردووە.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «ژنی کورد بەتایبەت لەم بارودۆخەدا دەبێت رۆڵی خۆی بۆ هێنانە کایەی ئاشتی و تەبایی لە کوردستاندا هەبێت و ئافرەتانی سەرکردەش لە ئێستادا رۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن لە بواری سیاسی و کومەڵایەتی و سەربازی و ئابووری و دیپلۆماسی و رۆشنبیری و توانیویانە رۆڵیکی بەرچاویان بۆ پێشکەوتنی کوردستان هەبێت.»

سنۆبەر سابیر، ئەندامی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە هەرێمی کوردستان ساڵانێکە لە سەر ئاستی رێکخراوەیی و یەکێتی و کۆمەڵ و رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان زەمینەیەک بۆ دروستکردن و باشترکردنی رۆڵی ئافرەتان ساز دەکرێت، لایەنە سیاسییەکان و دامەزراوە ئیداری و حکومییەکان رۆڵێکی پۆزەتیڤیان لەو بوارەدا هەبووە و هەولّیان داوە ئافرەتانی بەتواناو چالاك بێنە مەیدان و وەك ئەندامێکی کاراو بە شێوەیەکی کاریگەر لە کۆمەڵگە رۆڵی بەرچاویان هەبێ، ئەوەش تا رادەیەکی باش هەوڵی بۆ دراوە و بەرنامەڕێژی بۆ کراوە، هەر بۆیە لە سەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی، ژمارەیەکی باش لە ئافرەتان هاتوونەتە نێو کایەکانی جۆراوجۆر و ئەم هەنگاوە بووەتە ئەزموونێکی دیار لە هەرێمی کوردستان، کە بە بەراورد لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر زۆر دەگمەن بووە.»

سنۆبەر سابیر بۆچوونەکانی بە پرسیارێک درێژە پێدەدات و دەڵێت: «ئەگەر بە شێوەیەکی فراوانتر سەیری ئەم بابەتە گرینگە بکرێت، دەبێت بپرسین: ئایا ئافرەتانی سەرکردە لە هەرێمەکەمان رێژەیان چۆنە و تا چەند رۆڵی باشیان گێڕاوە؟» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا دەڵێت: «بە بڕوای من ئێمە وەك هەرێمێك و میللەتێکی خاوەن چەندین کێشە و گرفتی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە بە درێژایی مێژوو رووبەڕووی بووینەتەوە، بەداخەوە خاوەنی ئافرەتانی سەرکردەی ئەوتۆ نین، کە بتوانن بڕیاری سیاسی دروست بکەن، راستە لە سەر ئاستی حزب و لایەنە سیاسییەکان و لە ئۆرگانەکانی حزبی و حکوومی و رێکخراوەیی ژمارەیەکی دیاری ئافرەت دروست بووە، بەڵام وەك خاوەن بڕیار و سەرکردەی لێهاتوو لەو بوارەدا نابینرێن. بۆیە پێویستە ئافرەتان رۆڵی بەرچاوتریان لە بواری سیاسی هەبێت، هەتا لە پێگە و پۆستە باڵاکان بتوانن دوور لە ئایدیای حزبی و هیمەنەی حزبەکانیان ببنە نوێنەر و داکۆکیکار لە مافەکانی ئافرەتانی کوردستان، بە هەمان شێوە دەبێت لە سەر ئاستی ئیدارەیی ئافرەتان بتوانن بە شێوەیەکی فراوان بەرپرسیاریەتی ئیدارییان لە خزمەتی سەرجەم جەماوەر بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی بەدیار بخەن .»


لیزا فەلەکەدین نووسەر و چالاکی بواری مافی مرۆڤە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە بەراوردکردنی هەرێمی کوردستان لە رووی سەقامگیری و ئازادیی تاکەکەسی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری، ئەوکات روونتر دەبینرێت کەوا هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەزموونێکی کورت لە حوکمڕانی، تا راددەیەکی باش توانیویەتی بۆ بەشداری پێکردنی توانای ئافرەت لە کایە جیاوازەکاندا کەشێکی لەبار بڕەخسێنێت.» گوتیشی: «هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی وەکو رۆژهەڵاتی ناڤین ئاسان نییە ببێت بە پارێزەری هەموو مافەکانی ئافرەت و بتوانێت ئافرەتانی سەرکردە بهێنێتە مەیدان و سوود لە تواناکانیان وەربگرێت. ئەگەرچی ئافرەتانی سەرکردەی کورد کەم نین، کە بەرهەمی چارەگە سەدەی رابردووی هەرێمی کوردستانن و لە هەوڵی بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراسی لە بەڕێوەبردن رۆڵی بەرچاویان هەبووە.

لیزا فەلەکەدین جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بوون بە خاوەن کەلتوور و مێژوویەکی تایبەت کەوا هەر زەمان ئافرەت رۆڵێکی سەرەکی تێدا هەبووە و رێز لە پێگەی گیراوە، پاڵنەرێکی کاریگەر بووە و بە شێوەیەکی ئەرێنی کاری کردووەتە سەر رۆڵی هەنووکەیی ئافرەت لە کوردستاندا.» لە بەرامبەر پرسیاری هەڵسەنگاندنی رۆڵی ئافرەتی سەرکردەش بۆ رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی داتایەکی زانیستیمان لەبەردەست نییە بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بەڵام دەکرێت لە روانگەی تایبەت بە خۆمەوە بڵێم: خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان خاوەنی ژمارەیەکی بەرچاوە لە ئافرەتی سەرکردە لە کایەی سیاسیدا. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەتوانین هەموو ئەو ئافرەتانە بخەینە یەك ئاستەوە، ئەمە جگە لەوەی غەدرێکی گەورەیە بۆ ئەوانەی توانیویانە رۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبێت لە رووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکان و بەردەوام بەبێ دابڕان خاوەن هەڵوێست بوون، بەرامبەر بەمە کۆمەڵێکیان بەهەر هۆیەك بێت نەیانتوانیوە بە گوێرەی پێویست سوود لە پێگەکانیان وەربگرن و ببن بە ئیدۆڵ بۆ کچان و ئافرەتانی دەوروبەریان.



لیزا فەلەکەدین:

**ئەگەرچی ئافرەتانی سەرکردەی کورد کەم نین، کە بەرهەمی چارەگە سەدەی رابردووی هەرێمی کوردستانن و لە هەوڵی بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراسی لە بەڕێوەبردن رۆڵی بەرچاویان هەبووە**



کاڵێ فەقێ:

**بەداخەوە ژمارەی ئەو خانمانەی کە بە راستی خاوەن توانا و زانست و هزر و رێبازی تایبەتن بۆ رۆڵگێڕانیان لە کایەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا زۆر کەمە**

# ئەرکەکانی بەردەم ئافرەتی نوخبە

سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکان لە رۆڵ و پێگەی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا و لەسەر ئاستی جیهانیدا، بەڵام هێشتا پرسی رۆڵی سەرکردایەتیکردن و کاریگەری ئافرەت لە سیاسەتدا، وەکو گرفتێک خۆی دەنوێنیت و ئافرەتان بۆ گەیشتن بە ئاستە باڵاکانی حوکمرانی و مومارەسەکردنی دەسەڵات رێگری زۆریان لە پێشە. کۆمەڵگا گەشەسەندووەکان لە دەستەویەخەبوونیان لەگەڵ ئەم کێشەیە پشکی گەورەتریان بەر دەکەوێت. ئافرەتان لەو کۆمەڵگایانەدا جگە لەوەی کە لە هەوڵی خزانە نێو سیستەمی سیاسی و سەلماندنی تواناکانیانن، وەکو کۆی کۆمەڵگاکەش لە ژێر کاریگەری قەیرانە بەردەوامەکان و چەقبەستوویی کولتووری ئەو کۆمەڵگایانەدان. بۆ ئەم ئافرەتانە، هەنگاوەکان قورستر و دەرهاوێشتەکان ئاڵۆزتر دەبن.

کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی مافی سیاسی ئافرەتان لە نێو کولتوورێکدا کە هێشتا ئافرەت و منداڵ بایەخی مرۆیی خۆیان لە رووی کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاساییەوە وەرنەگرتووە، زۆر زەحمەت دەبێت. بۆ ئەوەی بزانین پێگەی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا چۆنە، پێویستە بزانین پێگەی لە نێو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا چۆنە؟

هەرێمی کوردستان وەکو بەشێک لە وڵاتانی گەشەسەندوو (وڵاتانی جیهانی سێیەم)، بە قۆناغی گوازراوەدا تێدەپەڕێت. ئەم قۆناغە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە پێیدا تێپەر دەبێت، ناسەقامگیری دەخولقێنێت. لە لایەک لەژێر رکێفی بەهای کۆن ولە لایەکیتر هەوڵدان بۆ پیادەکردنی بەهای نوێ لە رەفتار و ژیاندا، مرۆڤگەلێکی ناسەقامگیر بەرهەم دێنێت کە لە بەها و شێوازی ژیانیان دڵنیا نەبن. ئەم نادڵنیاییە لای هاوڵاتیانی کوردستان زۆر بە ئاشکرا بەرچاودەکەوێت. تاکەکان لە نێو ئۆمێدی ژیانێکی نوێ و مۆدێرن و بارگرانی بەها و نەریتی پێشوو لە ململانێدان. دەبینین سەرەڕای هەوڵی بەردەوام بۆ گۆڕینی واقعی پێگەی ئافرەتان و خزاندنیان بۆ نێوکایەی سیاسی، بەڵام رێگرە بابەتی و خودییەکان جۆرێک لە چەقبەستووییان لە کاری ئافرەتان دروست کردووە. بە درێژایی ئەو دوو دەیە ئەم شێوازی کارکردنە وێنایەکی چەسپاوی رۆتینی لەخۆ گرتووە، کە تەنانەت لە لای خودی ئافرەتانیش بە حاڵەتێکی نۆرماڵ و رۆتینی سەیر دەکرێت.

ئەو ناهاوسەنگییە لە مامەڵەکردن یارمەتیدەری بەرهەمهێنانی ئەو بەها نەرێنیانە بووە کە کۆمەڵگا و خودی ئافرەتانیش بەرامبەر خۆیان بڕوایان پێ هەیە و وەکو کۆت و زنجیرێک توانای جوولە و هەنگاونانی لێوەرگرتوونەتەوە.

راستە کە دیاردەی بە حزبیکردنی کۆمەڵگا وایکردووە ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان بخزێنە نێو کاری سیاسی و ئیداری و تەنانەت تا ئاستی سەرکردایەتی حزبەکان بچن و لە پەرلەمان کۆتای خۆیان هەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا زۆر بەڕوونی هەست بە پەراوێزبوونیان لە ناوەندەکانی بڕیار و تەنانەت لەو ئەرکانەی کە پێیان دەسپێردرێت، دەکرێت. ئەو قالبە تەقلیدییەی کارکردن کە ئافرەتانی تێکەوتووە، جگە لە بەفیڕۆدانی کات و توانایان هیچ بەرهەمێکی نەبووە. بەردەوامبوون لەسەر ئەو رەوتە وایکردووە کە خودی ئەو ئافرەتانە بە تایبەت ئەوانەی کە پلە و پۆستی بەرزتریان هەیە ئەو تێگەیشتنە تەقلدییە قبوڵ بکەن کە گۆڕینی واقعی ژیانی ئافرەتان و باشترکردنی بارودۆخیان خەمی ئەوان نییە و پێویست ناکات کاری لەسەر بکەن، بەڵکو پێیان وایە ئەوە پرۆسەیەکی خۆرسکە و بە تێپەربوونی کات بەرەو باشتر بوون دەچێت. بەڵام لە راستیدا گۆڕانی ئاراستەکراو، بە نیازی گواستنەوەی کۆمەڵگا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی باشتر پێویستی بە بزاوتێکی هۆشیارانە و بەرنامەی درێژخایەن دەبێت.

رێکخراو و ئەو ناوەندانەی لە چوارچێوەی مافی ئافرەتان کاردەکەن، تا ئێستا بە روونی نەیانتوانیوە خۆیان لەو چوارچێوەیە تەقلیدییە رزگاربکەن کە تێیدا ئافرەتان بە شێوازی بۆ کارکردن لە ناوەندی سیاسی و ئیداری و داواکردنی مافەکانیان، ئامادە دەکەن. لەکاتێکدا کە کێشەی ریشەیی لە بونیادی کۆمەڵایەتی و بەها و نەریتە کۆنەکاندایە. تا ئەوکاتەی مێنتالیەتی نەریتی پیاوان لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان و خێزاندا بەرامبەر بە توانایی و لێهاتوویی ئافرەت نەگۆڕدرێت، ئەوا بە هیچ شێوەیەک

**ئەو قالبە تەقلیدییەی کارکردن کە ئافرەتانی تێکەوتووە، جگە لە بەفیڕۆدانی کات و توانایان هیچ بەرهەمێکی نەبووە. بەردەوامبوون لەسەر ئەو رەوتە وایکردووە کە خودی ئەو ئافرەتانە بە تایبەت ئەوانەی کە پلە و پۆستی بەرزتریان هەیە ئەو تێگەیشتنە تەقلدییە قبوڵ بکەن**



د.لەیلا ئەمیر

بۆ گوڵانی نووسیوە

پیاوان ناتوانن لە دەرەوەی ماڵەکانیان بە شێوازێکی باشتر مامەڵە لەگەڵ هاوکارە ئافرەتەکانیان بکەن. ئەو کێشەیە لای ئافرەتانیش بە هەمان ئەندازە کاریگەری نێگەتیڤی هەیە. لە ژێرکاریگەری پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئافرەتان بە کەم لە توانایی خۆیان دەڕوانن و ئەو بڕوابەخۆنەبوونە لە بەرامبەر ئەدای کاری پیاوان وایکردووە نەتوانن کار لەسەر تواناییەکانی خۆیان و پەرەپێدانیان بکەن.

گرنگی رۆڵی ئەو ئافرەتانەی کە گەیشتوونەتە ئاستی سەرکردایەتی حزبەکان، حکومەت و پەرلەمان و رێکخراوەکانی ئافرەتان لێرەدا بەدەردەکەوێت. بوونی ئەم ئافرەتانە لەو پۆستانە بە تەنیا بەس نییە بۆ گۆڕینی واقعێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە رەگی داکوتاوە. ئەگەر ئەو ئافرەتانە کە زیاتر لە ئافرەتانی تر سەرچاوەکانی هێزیان لەبەردەستە، سوود لەو دەرفەتە نەبینن بۆ چەسپاندنی مافی مرۆیی و شکۆی ئافرەت، ئەوە بێگومان لە ئەرکەکانیان شکستیان هێناوە و دەکرێ وەکو هەر کارمەندێکی دیکەی ئەو دامەزراوانە سەیر بکرێن.

ئەو ئافرەتانەی گەیشتوونەتە ئاستی سەرکردایەتی و ناوەندی بڕیاری سیاسی لەبەر هەندێ هۆکار نەیانتوانیوە مومارەسەی ئەو دەسەڵاتە بکەن کە بە رواڵەت پێیاندراوە:

- لەسەر ئاستی کەسی و ئاستی رێکخراوەیی ئافرەتان وێنایەکی روون و جیاوازییان بۆ کارکردن و بڕیاردان بۆگۆڕانکاری لەو بوارانەی کە تێیدا دەسەڵاتدارن نییە. هەر بڕیارێک یان کارێک بکەن لە چوارچێوەی ئەو بەها و تێگەیشتنە تەقلیدیەیە کە کولتوری باو و ئەو دامەزراوانەی لەسەر بنەمای دامەزراون، بەڕێوەدەبرێن. لەم روانگەیەوە ئافرەت پێویستی بەوەیە لە دەریچەیەکی نوێوە بڕوانیتە ئامانج و کاری دامەزراوەکان. بەردەوام ئەم پرسیارەی هەبێت کە بەرهەمی کاری ئەو دامەزراوەیە یان ناوەندە چییە و ئامانج لێی چییە؟ بەمە دەتوانێت بیرۆکەی نوێ کە هەڵقوڵاوی فکر و عەقڵی خۆی بێت بخاتەڕوو و کار بۆ جێبەجێکردنیان بکات. بێگومان بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە کارکردنی بەردەوام لەسەر توانایی مەعریفی و فکری خۆی هەیە.

- پێویستە ئافرەتانی خاوەن پێگە و رێکخراوەکانی ئافرەتانیش لەو حاڵەتە دەروونییە دەربچن کە کۆمەڵگا بەسەریداسەپاندوون و تێگەیشتنێکی وای پێ بەخشیون کە رەگەزی بەرامبەر لە کارکردن و بە تایبەت لە سیاسەتدا توانای فکری و عەقلیان زیاتر و باشترە. جیاوازی دەسکەوتی زیاتری پیاوان تەنیا لەوەدایە کە دەرفەتەکان باشتر بەکاردەهێنن و بە مافی رەوای خۆیان دەزانن. ئافرەتان لەم رووەوە نابێت شەرمنانە بڕواننە حەز و ئامانجەکانیان. بوێری و زاڵبوون بەسەر ئەو نەفسیەتە دەرگای زیاتر بۆ خۆیان وئافرەتانی تر دەکاتەوە.

- کۆمەڵێک دیاردەی سلبی زۆر لە نێوکایەی سیاسی هەرێم بوونی هەیە کە بوونەتە بەشێک لە بەها و کولتووری کۆمەڵگاکەش. لە گرنگتریان بابەتی گەندەڵییە، کە پشکی زۆر کەمی بەر ئەو ئافرەتانە دەکەوێت کە لە پێگە و پلەی بەرزدان. پێویستە ئافرەتانی نێو بازنەی دەسەڵات و خاوەن پۆست و پێگەکان زۆر بە جورئەتەوە بەرامبەر ئەو دیاردە کوشندەیە بوەستنەوە و بە هەموو توانایان هەوڵ بدەن نەخزێنە نێو ئەو بازنەیە، چونکە لە کۆتاییدا ئەرکی پەروەردە و بەرهەمهێنانی نەوەیەکی تەندروست و بە توانا زیاتر لە ئەستۆی ئافرەتاندایە.

- بێدەنگی ئافرەتان بەرامبەر هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەریان دەکرێت، فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئافرەتانی سەرکردە و خاوەن پۆست نەتوانن مومارەسەی دەسەڵاتی خۆیان بکەن. هەر بڕیار یان کردەوەیەکی ئەم ئافرەتانە ئەگەر لەگەڵ بەرژوەندی رەگەزی بەرامبەر یەکنەگرێتەوە، بە زۆر شێواز هەڵوەستەی بەرامبەر دەکرێت. پێویستە ئەم ئافرەتانە بزانن کارکردن لە نێوەندی سیاسی و پاراستنی خۆیان و دەسکەوتەکانیان زۆر قورسە، بۆیە بە بوێری و بێ دوودڵی هیچ کردەوەیەکی نایاسایی و هەرەشەیەک قبوڵ نەکەن و لەئاستیدا بێدەنگ نەبن و خۆیان و پێگەیان نەکەنە قوربانی.

- زۆرگرنگە هەموو ئەو ئافرەتانەی لە پێگەی بەرزدان هاوکار و پاڵپشتی یەکتری بن و، رێگە خۆش بکەن بۆ ئافرەتانی تر و پاڵپشتی داوا رەوا و گونجاوەکانیان بن.

**ئەو رێکخراو و ناوەندانەی لە چوارچێوەی مافی ئافرەتان کاردەکەن، تا ئێستا بە روونی نەیانتوانیوە خۆیان لەو چوارچێوەیە تەقلیدییە رزگاربکەن کە تێیدا ئافرەتان بە شێوازی کلاسیکی بۆ کارکردن لە ناوەندی سیاسی و ئیداری و داواکردنی مافەکانیان، ئامادە دەکەن**